# ژن لە شارستانیەتی کۆندا

**محمد لاجانی** (بەشی دووەم و کۆتایی) سەرچاوە: کتیبی "المرأة فی الاسلام"

١٢ـ ژن لەلای مەسیحیەکان:

پیاوانی کەلیساکان لە قسەکردنەکانی ناوکۆبوونەوەکان کە بەبۆنەی جۆراوجۆر بەڕێوە دەچوون، لەبارەی پێشێلکردنی ماف ژن قسەی موبالەغەو زێدەڕۆییان زۆر دەگوت کە دوایی بۆ قانوون دانەرەکان دەبوون بە میزان‌ومیلاك لەبارەی کردەوە لەبەرامبەر ژناندا. بۆوێنە "کریستوم" دەڵێ: (ژن شەڕێکە کە دەبێ ببێ، لادان‌و گومراهیێکی سروشتییە، بەڵایێکی خۆشەویست و مەترسیدارە لەناو ماڵدا، فیتنەیێکی هیلاکگەر و رازێکی سەر بە ئەوینە). یان وەکوو قسەی یەکێك لە قەشەکان کە بەمەبەستی ژن نەهێنان خیتاب بە زیوەنەکان دەیگوت: "ئەگەر هەموو دەرگا و پەنجەرە و هەمووکێڵگەکان وەرەق‌و کاغەز بوایە و هەموو دارەکانیش قەڵەم بوایەو تەواوی نووسەرە شارەزاکان قۆڵیان لێ هەڵماڵیبایە، ئێمە نەماندەتوانی هەموو خراپیەکانی ژن ئاشکرا بکەین". قانوونەکانی کەلیسای مەسیحی لەبارەی ڕێگەدان بەژن لە مەراسیمی دینی‌و یان بەشداری پێکردنیان لە هەر هەیئەتێکی قەزایی ی کەلیسا، لە قانوونی یەهودی دەوڵەمەندتر نەبوو و بەبیانووی ئەوەی کە ئەو ئەرکە تەنیا بۆ پیاوانە و بە بەڵگەهێنانەوەی ئەوەی کە "قدیس بولیس" گوتویەتی: (بەڕاستی ژن هۆی تووشبوونی تاوانە، چونکە ژن ئەندامێکی کەم‌وکورت‌و ناتەواوی قەومی مەسیحیە، جا ئەگەروایە ژن لەجۆری شکۆداری‌و خانەدانیی خواوەند نیە، بەڵکوو لە چەشنی مرۆڤێکە کە لە شکۆداری‌و خانەدانیی خوا سازکراوە).

واوێدەچێ ئەوقسانە بە مەعنای دژکردەوەیێکی بەهێز بووبێ لەبەرامبەر واقعیەتی مەوجوود (پەرەپێدانی فەحشاو ناپاکی‌و لێك هەڵوەشانەوەی ئەخلاق) لە کۆمەڵگای ڕۆمیدا، کە پێشتر باسمان لێوەکرد. پیاوانی کەلیسا ژنیان بە بەرپرسی ئەو فەحشا و ناپاکییە دەزانی‌و بۆیەش قەراریاندا کە هاوسەرگیری جۆرێك تێوەگلانی ناپاکیە دەبێ دوریی لێبکرێ و عەزەب مانەوەیان لە ژیانی هاوسەری پێباشتر بوو. چونکە پیاوانی کەلیسا دیتیان کە ڕۆمیەکان لەناو کۆمەڵگای خۆیاندا لە مەسەلەی تەلاقدانی ژنان زۆر بەسەختی لەمەزیقەدان و کەمتر ژنێك هەبوو کە جارێك تەلاق نەدرابێ، بۆیە مەسیحیەت تەلاقی بایکۆت کرد، بەڵام بایکۆتی تەلاق کۆمەڵگای مەسیحیەتی تووشی موشکیلاتێکی بێئەندازە کرد کە ئێستاشی لەگەڵدابێ هەر درێژەیان هەیەو ئەو موشکیلاتە جگە لە تەلاق هیچ شتێکی دیکە چارەسەرییان ناکات، چونکە ئەو جۆرە مەسەلانە هەر لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤ هەبوونە و هەردەشبن. بۆوێنە: بێئەخلاقیی ژن یان پیاو، دیارنەمانی یەکێك لەوان، خەیانەتی ژن بە مێرد یان بەپێچەوانەوە، نەخۆشیی مەترسیدار لە یەکێك لەوندا، کاتێ پیاو ناتوانی نەفەقەی ژن بدا و...هتد.

مەزهەبەکانی مەسیحیەت لەبارەی تەلاق بە دوو جۆر بیردەکەنەوە:

١ـ کاتوولیکەکان، کە بە هەموو جۆر تەلاق بە حەرام دەزانن، تەنانەت ئەگەر ژن خەیانەت بە مێردەکەشی بکات، بەڵام لەو حاڵەتەدا لەباری جەستەییەوە دەتوانن لێك جیا ببنەوە بەڵام هیچیان ناتوانن ژیانی هاوسەری لەگەڵ کەسێکی تردا پێك بێنن و دەبێ تا کۆتایی ژیان بە بیوەیی بمێننەوە. ئەوان ئەو دەقە بە بەڵگەو میلاك دەهێننەوە کە لە ئینجیلی "متی"دا لە زمان عیساوە هاتووە: "مرۆڤ ناتوانێ شتێك لێك جیا بکاتەوە کە خوا کۆی کردوەتەوە". هەروەها لە ئینجیلی "مرقص"دا هاتووە: "ژن و پیاو لەدوای هاوسەرێتی دەبن بە یەك جەستەو ئیتر لەدوای هاوسەرێتی نابنەوە بە دوو جەستە، بەڵکوو تەنیا یەك جەستەن، ئەگەروایە شتێك کە خوا کۆی کردوونەتەوە، مرۆڤ ناتوانێ لێکیان جیا بکاتەوە.

٢ـ ئۆرتۆدۆکسەکان و پرۆتستانەکان، هەردوولا لە کاتی خەیانەتی ژن بە مێرد، تەلاقیان موباح کردووە، بەڵام هاوسەرگیریی دووبارە بۆ ژن و پیاو بەحەرام دەزانن و ئەو قسەی مەسیح بە بەڵگە دەهێننەوە: "هەرکەس ژنەکەی جگە لەکاتی زیناکردن تەلاق بدا، خۆی دەبێتە هۆی زینای ژنەکەی". هەموو مەزهەبەکانی مەسیحی لەو باوەڕەدان کە بۆ ژن و پیاو حەرامە کە لەدوای تەلاق جارێکی دیکە ژیانی هاوسەری پێك بێنن و ئەو دەقە بە بەڵگە دەهێننەوە کە لە ئینجیلی "متی"دا هاتووە: "هەرکەس لەگەڵ ئافرەتی شووکردوو ببێتە هاوسەر، تووشی زینا دەبێ". هەروەها لە ئینجیلی "مرقص"دا هاتووە: "هەرکەس ژنەکەی خۆی تەلاق بدا و ژنێکی تر بێنێ، تووشی زینا دەبێ و هەر ژنێکیش تەلاقی وەرگرت و شووی کردەوە ئەوا تووشی زینا دەبێ". بەڵام پێویستیی مرۆڤایەتی بە ژیانی هاوسەری قەومەکانی مەسیحیی ناچار کرد کە تەلاق بە موباح بزانن. وەکوو ئیتالیا کە زیاتر لە هەموو وەڵاتانی ڕۆژئاوا قەواڵە بە قوتابخانەی دینی مەسیح بوو، لەساڵی ١٩٧٠، ملکەچ بە دیاردەی تەلاق بوو. مافناسان پێیان وایە ئەو هەڵوێستەی ئیتالیا پێشەکیێك بوو بۆ هەنگاوی داهاتووی دەوڵەتەکانی دیکەی مەسیحی کە تائێستاش تەلاق بە قەدەغەکراو دەزانن. ژن لە جەنبەی ئابووریەوە لە قانوونی بەریتانیادا هەتا ساڵی ١٨٠٥ی زایینی، هەروا وابەستە بوو، وە بە وەبەرهێنەرەکان "مستغلات" دەژمێردرا کە پیاو دەیتوانی هاوسەرەکەی بفرۆشێ. تەنانەت قانوونی مەدەنیی فەرانسە ـ کە ئوروپائیەکان بە دایکی قانوونەکانی دەزانن ـ منال و ژن و شێت بە "ممنوع التصرف" دادەنێ تا ئەوەی کە لەساڵی ١٩٣٨ ئەو قانوونە بە قازانجی ژن راست کرایەوە، بەڵام تا ساڵی ١٩٦٦، ژنی فەرانسەوی بە تەواوی سەربەخۆیی ی خۆی وەدەست نەهێنا و تا ئەوکات ژنی خاوەن مێرد لە کۆتوبەندی ئابووری رزگاری نەبوو.

١٣ـ ژن لەلای ئەعراب:

ژنی عەرەبی لە زۆربەی مافەکانی خۆی بێبەش بوو، چونکە لەناو کۆمەڵگای عەرەبیدا قانوونی جەنگەڵ حوکمی دەکرد، بەردەوام شەڕو پێکدادان بوو، شەڕو تاڵان رەواجی زۆر بوو، شەڕ بۆ سەرچاوەکانی ئاو و لەوەڕگە بەردەوام لەگۆڕێدا بوو، تەنیا شمشێر قەزیەکانی چارەسەر دەکرد. ئاشکرایە کۆمەڵگایەك ئەوە حاڵی بێ، خاوەنی ماف کاتێك دەتوانێ بە مافەکەی بگات کە هێزی هەبێ، چونکە ژنیش لەو مەیدانەدا زەعیف بوو، نەیدەتوانی خاوەنی شتێك بێ یان میرات ببات، بەڵکوو لەگەڵ ماڵی باوك یان مێرد وەکوو ئەو شتانەی لەپاش مردوو بەجێ دەما، بە میرات دەبرا. عەرەبەکان زیاتر لە میللەتانی دیکەش لەدایکبوونی کچیان بە شووم دەزانی تەنانەت بەشێك خەڵکی قەبیلەکانی "تمیم" و "اسد" لەترسی عەیبە و هەروەها فەقیری و هەژاری کۆرپەی کچەکانیان بە زیندوویی لەچاڵ دەخستن.

١٤ـ ژن لە ئیسلامدا:

بەرلە هاتنی ئیسلام هەروەك باس کرا کچان لەبەر بەشووم زانین و جاری واش هەبوو لەبەر هەژاری زیندەبەچاڵ دەکران. یەکێك لە کارە یەکەم و گرینگەکانی ئیسلام ئەوە بوو کە دژی ئەو دیاردە دژەمرۆڤیە راوەستا و ئەوکارەی بایکۆت کرد. خوا لە قورئاندا دەفەرموێ: ﴿ وَلاتَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَاقٍ نَحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ ﴾ (أسرا/٣١) واتە: "منداڵەکانتان لە ترسی فەقیری و نەداری مەکوژن، لەبەر ئەوەی ئێمە بژیوی ئەوان و ئێوە دەدەین".

قورئانی کەریم بە جوانترین و شیاوترین شێوە کەرامەت و عەداڵەتی بەنیسبەت ژن بەیان کردووە ژنانی لە ستەمی جەهل و نەزانی و زوڵمی پێشینیان رزگار کردووەو زۆر عادیلانە لایەنەکانی ئینسانی و جینسی کچیەتی و هاوسەریەتی و دایکیەتی و ئەندامەتیی ئەوانی لە کۆمەڵگادا تێکەڵ کردووە. بەڵام نابێ ئەوەش بشاردرێتەوە کە هێندێك لە موسوڵمانان بەناوی دین ستەمیان لە ژن کردووە و ژنیان لە زۆر ماف وەکوو فێربوونی مەسایلی دینی و لە چوون بۆ ناوەندەکانی عیبادەت و فێرگەکان بێبەش کردووەو نەیان هێشتووە ژن لە هەڵبژاردنی شەریکی ژیانی دڵخوازی خۆیدا ئازاد بێ و بەزۆر لەناو ماڵدا رایانگرتوون، بەڵام ئەو کارانە لە شعووری راستەقینەی دینیی سەرچاوەیان نەگرتووە و هیچ کات جەنبەی گشتییان نەبووە، چونکە هەمیشە موسوڵمانانێکیش هەبوونە کە دژایەتیی ئەم وەزعەیان کردووە بۆ لابردنی ئەو وەزعە تێکۆشاون.

بێگومان زۆرێك لە نووسەران بە ئەفکار و فەلسەفەی جۆراوجۆر و مەزهەب و فەرهەنگی دژبەیەك، مەسەلەی پێوەند بە ژنانیان هێناوەتەگۆڕێ کە هێندێکیان خاوەنی بیرۆکەی ریشەیی بوونە و نوسراوی هێندێکیشیان زایەڵەی بیرۆکەی کەسانی دیکە بووە تەنیا بۆ ئەوەی ناو و ناوبانگێك دەربکەن، لەگەڵ مەسایلی نووسراوی نیسبەت بە ژناندا دژایەتییان کردووە یان لەژێرناوی پارێزگاری لە ماف ژن، ئەفکاری خەڵکیان ژاراوی کردووە لە حاڵێکدا لە بنەڕەتدا مقامی ژنیان تێکداوە. بۆ وێنە هێرش دەکەنە سەر ئیسلام و دەڵێن ئیسلام مەشرووعیەتی بە فرەژنی داوە و بۆچی فرەژنیی بایکۆت نەکردووە؟ دەبێ لە وەڵامدا بڵێین دیاردەی فرەژنی پێش ئیسلام زۆر زۆر زیاتر بووە لەدوای هاتنی ئیسلام بەتایبەت لەو کۆمەڵگایەی کە ئیسلام تیایدا سەری هەڵدا. عەرەبەکان عادەتیان وابوو کە پێیان خۆش بوو ژنی زۆریان ببێ تا بۆکاری کشتوکاڵ و کاری ناوماڵ و بۆ ئارەزوو کەڵکیان لێ وەرگرن و لە مەسرەف کرێکار رزگاریان ببێ، هەربۆیەش ژنی زۆریان بوو واتە زیاتر لە چوار ژن بوو، ئەوە لەو حەدیسەدا بۆمان دەردەکەوێ کە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دەفەرموێ: "إمسك أربعا و فارق سائرهن" واتە چواریان رابگرە و لەوانی دیکە جیابەوە. هەرگیز نە لە قورئان و نە لە هیچ یەك لە ئەحادیسدا نابینرێ کە موسوڵمانان هان بندرێن بۆ فرەژنی. ئیسلام لە حاڵەتێکدا ڕێگەی بە فرەژنی داوە کە پیاو نەتوانێ بە ژنێك کیفایەت بکا یان لەبارەی هەتیواندا عەداڵەت بەکاربێنێ. ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَى فَانكِحُوا مَاطَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ...﴾نساء/٣، واتە: "وە ئەگەر ترسان لەوەی نەتوانن لەبارەی هەتیوان دادگەری بکەن، لەگەڵ ژنانێك کە بۆتان حەڵاڵن و خۆشتان دەوێن، ژیانی هاوسەری پێك بێنن".

قورئان بە مەرجێك ئیجازەی بە زیاتر لە یەك ژن داوە کە عەداڵەتی تەواو بە نیسبەت هەموویان ئیجرا بکرێ و هیچ فەرق و جیاوازیێك لەنێوانیان دا نەبێ، ئەگینا پێشنیار دەکا کە پیاو تەنیا ژنێکی ببێ. ﴿فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً﴾ نساء/٣، واتە "ئەگەریش ئەترسن کە ناتوان لەنێوان ژنان عەدالەت بەکاربێنن تەنیا بە یەك ژن کیفایەت بکەن". یەکێك لە هۆیەکانی ڕێگەدانی ئیسلام بە فرەژنی ئەوە بوو کە لە سەردەمی پێش ئیسلام کە بە دەورانی جاهلیەت ناوی دەرکردوە، شەڕوپێکدادان لە نێوان میللەتان و تەنانەت عەشیرەکانیش زۆر بووەو قوربانیی سەرەکیی ئەو شەڕانەش پیاوان بوون و ژنانێکی زۆر بیوە دەبوون و کوڕانی زۆرریش دەکوژران و لە ئاکامدا ژمارەی ئافرەتی بێمێرد ئیجگار زۆر بووە، یان جاری واهەیە پیاو حەزی لە منالی زۆرە و ژنەکەی منالی نابێ یان تووشی نەخۆشی دەبێ یان پیاوی واهەیە زۆر حەزی لە مەسایلی "زناشویی"یە بەڵام هاوسەرەکەی بە پێچەوانەوە بێمەیلە بەوکارە، ئایا لە وەها حاڵەتێکدا پیاو ژنەکەی تەلاق بدا یان پێوەندیی نهێنی لەگەڵ ناموسی کەسێکی دیکەدا بەرقەرار بکات؟ یان ژنێکی دیکە بێنی!. ئایا ئەوکارە باشترە یان فرەژنیی ئێستای رۆژئاوا کە نەلەژێرناوی هاوسەری دووەم و... بەڵکوو لەژێرناوی دۆست و رەفیق و مەعشوقەو...بەڕێوە دەچێ؟ هەربۆیە ئیسلام لە وەها وەزعیەتێك دا ڕێگەی لە پیاو نەگرتووە کە چەند ژنی ببێ ئەگینا لەو ئایەتەی قورئاندا بۆمان دەردەکەوێ کە خوا نەتەنیا پێشنیاری فرەژنی ناکا بەڵکوو پێشنیار بەوە دەکات کە پیاو تەنیا یەك ژنی ببێ. چونکە عەدالەت لەنێوان ژناندا کارێکی زۆر دژوارە بەتایبەت لەبارەی سۆزی دڵ و مەیلی رۆحی، قورئان ئەوکارەی بەدوور لەهێز و توانای مرۆڤ زانیوە: ﴿وَلَنْ تَسْتَطِيعُوا أَنْ تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ﴾نساء/١٢٩، واتە "ئێوە ناتوانن لەنێوان ژناندا عەدالەت بەکار بێنن هەرچەند هەموو هەوڵ و کۆششی خۆتان بەکاربێنن". لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا فرەژنی شتێکی گشتگیر و هەمەلایەنە نیە بەڵکوو کەسانێکی مەحدوود ئەو کارە دەکەن، بەڵام ئەورۆ لە وەڵاتانی رۆژئاوا هەر ئەوکەسانەی کە ئیسلام بە مەسەلەی فرەژنی دەبووغزێنن، ئەگەر سەیرێکی دەورووبەریان بکەن دەزانن کە ١٥٪ی منالان کە لەدایك دەبن، "ولدالزنا"ن و زۆربەی نزیك بە گشت ی کوڕان و کچانی دواناوەندیە تێکەڵاوەکان بێترس و شەرم لە ویژدانی دەروونی، تێکەڵاویی دەکەن و هەردوولا واتە کوڕان وکچان لە هۆی بەرگری لەمنال کەڵك وەردەگرن و لەکاتی حامیلەییشدا هیچ جۆرە عەیبێك لە کارەکەیاندا نابینن و هەموو جۆرە ئیمکانات و ئاسانکاریان بۆدەکری و خەرجی منالانی "ولدالزنا" لەلایەن دەوڵەتەوە وەئەستۆ دەگیرێ.

مەسەلەیێکی دیکە کە ئەورۆ بۆتە هۆی هێرشکردنە سەر ئیسلام، مەسەلەی بەرابەریی ژن و پیاوە. ئیسلام تەنیا جیاوازیی لەنێوان ئەرك و مەسئولیەتی پیاودا داناوە و هەریەکەو کارو مەسئولیەتی تایبەت بەخۆی پێئەسپاردوون و توانایی و جەستە هەستوسۆز و عاتیفەی هەریەك لە ژن‌و پیاو تایبەت بە ئەرکی خۆیان درووست کراون. ئەو جیاوازیە کە لە سرووشتی خیلقەت دا هەیە، هەرچەند بی، بە ئیمتیازێك بۆ پیاو و کەم‌وکورتیێك بۆ ژن نایەتە حیساب، بەڵکوو ئەو جیاوازیانە وەکوو چەند ئاڵقەیێکن کە هەموویان بە یەکەوە تەواوکەری یەکترین. جا ئەگەروایە کەمیی توانای ژن، کەم بایەختر لە هێز و توانای پیاو نیە. ئەو مەسەلە زۆر وەك ئەو قسەی گاندی دەچێ کە دەڵێ: "ژن و پیاو وەکوو دوو تیغەی مقەستێکن، کە یەکیان لەگەڵ ئەوی دیکە فەرقی هەیە بەڵام هەرکام تەواوکەی ئەوی دیکەیە". ژن خاوەنی هێز و ئیمکاناتێکە کە پیاو نیەتی و هەروەها پیاویش بە هەمان شێوە. بۆ وێنە پیاو لەباری تەربیەتی منال و مانەوە لەناوماڵ و هەست و رەحم و سۆزەوە ناگات بە ژن و تەنیا دایکە دەتوانێ ئەو ئارامی و راحەتییە لەناو ماڵدا بەرقەرار بکات. بۆیە خوا ئەفەرموێ: ﴿وَ جَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا﴾ (أعراف/١٨٩ ) واتە: "وە لە نەوعی خۆی هاوسەری خەڵق کرد هەتا لەپاڵیدا ئۆقرە بگرێ".

هەروەهابۆ بەرابەریی ژن و پیاو قورئان ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَاللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾ واتە: "بەڕاستی بەڕێزترین ئێوە لای خوا ئەو کەسەیە تەقوای زیاتری هەیە". وە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) ئەفەرموێ: "إنّما النّساء شقایق رجال" واتە بەراستی ژنان هاوتای پیاوانن. هەروەها قورئان کە باس لە سزا و تەمبێکردن "تنبیە" و هاندان "تشویق" دەکا، ژنان و پیاوان وەکوو یەك دادەنێ بەبێ هیچ فەرق و جیاوازیێك، بۆوێنە: ﴿إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَ الْمُسْلِمَاتِ وَ الْمُؤْمِنِينَ وَ الْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَ الْقَانِتَاتِ وَ الصَّادِقِينَ وَ الصَّادِقَاتِ......أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ مَغْفِرَةً وَ أَجْراً عَظِيماً﴾ (الأحزاب/٣٥) واتە: "پیاوان و ژنانی موسوڵمان، پیاوان و ژنانی ئیماندار، پیاوان و ژنانی گوێڕایەڵی خوا، پیاوان و ژنانی راستبێژ،.....خوا بۆ هەموویان لێبوردن و پاداشی زۆری دابین کردووە".

مەسەلەی شایەتیدانی ژنانیش یەکێکە لەو مەسەلانەی کە ئیسلام و موسوڵمانانی پێدێننە ژێر پرسیار ئەوەیە کە گوایە ئیسلام عەقڵ و دەرکی دووژن بە دەرکی یەك پیاو مەزەندە دەکات بۆیە شایەتیی دوو ژن بە هی یەك پیاو دەخەملێنێ! ؟...ئیسلام قەت باسی لەوە نەکردووە کە دەرك و فەهمی ژن زۆرترە یان هی پیاو، بەڵکوو قسە لەسەر هێزو توانا و ئیرادەیە لەکاتی دەربڕینی زانست و ئاگاریدا. لەبەر ئەوەی کە ژنان لەپیاو بەڕەحمترن و زیاتریش دەترسن، جاری واهەیە مەسەلەی کوشتن و تاوانی زۆر گەورە دێتەگۆڕی و تەنیا لەقسەی شاهید بەولاوە بەڵگەیێك لەدەستدانیە، شایەتیدانی دوو ژن لەگەڵ یەك پیاو موقایەسە دەکات، تەنیا بۆئەوەیە کاتێك کە ژنێکیان راستیەکەی نەدرکاند، ئەویتریان بە ئاگای بێنێتەوە و مافی زوڵملێکراو نەفەوتێ ئەگینا ئی بە کەم دانانی ژن نیە لەلایەن ئیسلامەوە بەڵکوو پێوەندیی بە سرووشتی ژن و توانا و ئەرکی ژنەوە هەیە، چونکە رەنگە ئەگەر ژن هەست بەوە بکات کە چارەنووسی کەسێك بە قسە و شایەتیدانی ئەوەوە بەندە، واتە بەقسەی ئەو لەوانەیە بچێتە ژێر پەتی سێدارەو...لەوانیە نەتوانێ حەقیقەت ئاشکرا بکات‌و لەئاکامدا لەو ناوەدا حەقی کەسێك بفەوتی.